
## هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی:

# هەبووە دەوروخولی داوم، بەڵام من نەمزانیوە مەبەستیان چییە، چونکە خۆشەویستیم لە گەڵ کەمانەکەم بوو

**● رەنگە بە هەڵەبچین ئەگەر بڵێین کەسێك هەبێت ئاشنای مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی نەبوبێت و خزمەت و کارە بەردەوامەکانی لەبەرچاو نەبێت و ئاگاداریان نەبێت، کە لە شاشەکان دەردەکەوێت بەسەر و سیما و روخسارێکی پڕ لە جووڵە و بزاوت هەست ناکەی ماندوو بوون و تەمەن کاریگەریان بەسەر ئەم مرۆڤە هەبێت، چونکە ئەو هەر لە سەردەمی تیپی مۆسیقای شۆڕشی ئەیلوول و تیپیێ سلێمانی و تا ئێستا کە سەرۆکی گرووپی کیژانی سلێمانییە لە هەمان کاتدا سەرقاڵی کاری هونەری خۆیەتی بەردەوام بووە لە خزمەت کردن بە هونەری رەسەنی کوردی و لە هەر سەردەم و قۆناغێکی هەوڵی ئەوەی داوە هونەر و مۆسیقای کوردی پێش بکەوێت و جێی پەنجەیشی دیار بووە و تا ئێستا چەندین هونەرمەند لە بواری گۆرانی وتن و مۆسیقادا لەسەر دەستی مامۆستا ئەنوەر بوونەتە ناوی دیار و بەرچاوی نێو گۆڕەپانی هونەری کوردی. دوای ئەم هەموو ساڵە ئێستاش مامۆستا ئەنوەر بەردەوامە لە خەبات بۆ پێشخستنی هونەری کوردی، بۆیە بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی تایبەت بە ژیانی خۆی ئاراستە بکەین بێ ئەوەی باس لە کێشە و ئاریشەکانی ئێستای هونەری کوردی بکەین.●**



*** یەکەم جار لەسەر وەك مۆسقییەك چوویتە سەر شانۆ؟**

- ساڵی 1961 بوو لە ئاهەنگی مامۆستایان و باوکان، بەڵام شانۆ نەبوو ئەو کاتە لە ناو قوتابخانەدا بوو، بەڵام ساڵی 1966 لە نەخۆشخانەی سلێمانی شانۆیەکمان دروست کردو ئاهەنگێکمان بۆ نەخۆشەکان گێرا زۆر سەرکەوتوو بوو.

*** کەی بووی بە خاوەنی یەکەم ئامێری مۆسیقی و چیبوو ؟**

- یەکەم جار ئامێرێکی عوودم کڕی بە 3 دینارو نیوی ئەو کاتە، شکابوو چاکم کردەوە زۆر دڵم پێی خۆش بوو ئەوە ساڵی 1962 بوو، بەڵام پێش ئەوەش خۆم ئامێرێکی جونبوشم بۆ خۆم دروستکردبوو بە توانای ئەو سەردەمەم ... بۆ پەنجە جووڵان لەسەری تا بیرم نەچێتەوە.. دوای ئەوە کەمانێکیان بۆ کڕیم لە ماڵەوە دیاری دەرچوونم بە یەکەم....

*** دەست کەوتنی ئامێرێکی مۆسیقی ئەو کات، چ هەستێکی لەلا دروستکردی؟**

کە بوومە خاوەنی ئامێری مۆسیقا وام دەزانی جوانی دنیا هەمووی لای من کۆبووەتەوە و دەوری داوم لە گەڵ ئەو جوانیانە دەژیام لە خەونێکی سەیردا بووم.

*** ئەو کات لە کۆمەڵگای کوردەواریدا گۆرانی گوتن شتێکی ویستراو نەبوو وەك مۆسیقییەك هەڵوێستی خەڵك بەرامبەر ئەو کارەی تۆ چۆن پێشوازی لێکرا؟**

هەستم نەکردووە رۆژێك لە رۆژان رێگریەکم لێکرابێت چ لە ماڵەوە چ لە ناو کۆمەڵدا هەمیشە هانیان داوم و دەستخۆشکەریم لێکراوە بە پێچەوانەوە هەمیشە دەستیانگرتووم و بەرێی راستا منیان ئاراستە کردووەو جوانی ژیانیان پیشانداوم،بمانەوێت و نەمانەوێت کەسانێك هەن کە بەو شێوازەوە ناچن بە پیر ئەم جۆرە کارانەوە لە هەموو بارودۆخێکدا رەنگە هۆکەیشی ئەوە بێ کە رۆڵی هونەر بە ئەرکی خۆی وەك پێویست تێنەگەشتبن و ئەو شتە خوارو خێچانەیان دیوە کە لەو رێگەوە بەرچاویان کەوتووە .... خەڵی ئەم شارە بە تایبەتی و کوردستان بە گشتی دۆستی هونەرن وهونەرمەندیان خۆشویستووە و هەمیشە دەستی رێزیان لێناون.

*** یەکەم خەڵات و دیاری کە وەرتگرتبێت لەبواری مۆسیقا کەی بوو ؟**

لە قوتابخانەی مامۆستایان بوو کە بە چالاکترین قوتابی هەڵیان بژاردم لە هەموو روویەکەوە ...لە مۆسیقا لە شێوەکاری ...لە وەرزش..دواتر لە وانەکانما کە یەکەم بووم....کە هاتمە ژیانی پراکتیکیەوە بەردەوام ریزم لێنراوە تا ئێستەش

*** خۆشەویستی تۆ بۆ مۆسیقا چۆن وەسف دەکەی؟**

وەك خۆشەویستیم بۆ جوانیەکانی ژیان دیتە بەرچاوم.. لە هەموو رووەکانییەوە، چونکە مۆسیقا جوانبەخشە بە ناخ و دەروونەکان و دروستی ژیانی لێوە دیار دەبینم.

*** مامۆستا تۆ وەك مرۆڤێکی هێمن و لەسەرخۆ دیاری، لەژیانی منداڵی و گەنجێتیدا چۆن بووی؟**

- من بە مرۆڤێکی هەڵسورێنەر لە ناو هاوەڵەکانما ناسراوم هەموو کاتم بریتی بوو لە خۆشەویستی بۆ مۆسیقا وکۆکردنەوەی برادەران بۆ پرۆڤە و ئامادەکردنی بەرنامە بۆ تۆمارکردن و ئاهەنگەکان...من بزێوێکی هونەری بووم... ئامادە بووم 8 سەعات بەدیار دێرێك نۆتەوە دانیشم بێ ئەوەی تاقەتم بچێت...کە ئەو سەردەمە هونەرمەندی میسری خوالێخۆشبوو ئوم کەلسوم ئاهەنگی تازەی دەکرد بەدیار رادیۆیەکەوە تا سەعات 4-5 ی بەیانی دادەنیشتم و تۆمارم دەکرد بۆ بەیانی نۆتەکەیم دەنووسیەوە و بەیانی لەگەڵ برادەرەکانم لێمان ئەدا، چونکە ئەو سەردەمە بە ئاسانی نۆتەمان دەست نەدەکەوت.

*** خۆشەویستی شتێکە کە زەحمەتە هیچ مرۆڤێك بەو قۆناغەدا تێپەڕ نەبوویێت، تۆ لەگەڵ خۆشەویستیدا چۆن بووی؟**

-هەموو ژیانم لە گەڵ مۆسیقادا بووە، هەبووە دەورو خولی داوم، بەڵام من نەمزانیوە مەبەستیان چییە، چونکە خۆشەویستیم لەگەڵ کەمانەکەم بوو. ئەو سەردەمانەی ئێمە فێربوونی مۆسیقا زۆر زەحمەت بوو هەموو ئاواتم لە ژیاندا ئەوە بوو دەموت تۆ بڵێیت فێربم چونکە فێر بوون کارێکی ئاسان نەبوو لە هەموو روویەکەوە...بەڵام هەوڵ و شەونخوونی و کۆڵنەدان گەیاندمیە ئێستا

*** مامۆستا ئەوەی سەیرت بکات هەست بە چوست و چالاکییەکی زۆر دەکات، هۆی ئەم چوستییە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- هەرکەس بڕوای بە خۆی هەبێت دەتوانێت ئیشی باش بکات و بەردەوام بێت ..لەگەڵ بایەخدان بە دانانی بەرنامەی مانگانەو هەفتانەو رۆژانەی کەچی دەکات و چۆن کارەکانی راپەڕێنێت، ژیان بەردەوامیەو تا ئەو ساتەی رۆح لە گیانمانا نامێنێت ئەو کاتەش بەرهەمەکان بەردەوامیمان پێدەبەخشن...دڵسۆزی و هەست بە بەرپرسیاری وبەرژەوەندی گشتی بۆ خاك و نەتەوە خاڵێکی گرنگە بۆ بەردەوامی ..بە تایبەت گەر زەمینەی بۆ خۆشبکرێت ئەوا شاکاری بەدواوە دەبێت.... پاش ئەوە یەکتر قبوڵکردن زۆر مەرجێکی سەرەکیە بۆبەردەوامی گەر وانەبێت لە یەك دەترازێین و هەرچەندەش هیلاك بین هیچ بە هیچ ناکەین.. هونەر پێوەندی بە تەمەنەوە نییە پیرو لاو پێکەوە کاردەکەن و پێویستیان بە یەکتر هەیە ..من بەم بیرکردنەوانە تا ئێستا بەردەوام بووم گەرچی زۆرجار پەیکوڵیان لە رێگاما داناوە، بەڵام خۆم زۆر بە گەورەتر زانیوە لەو ئاستانە.

***مامۆستا رۆژانە چەند کاتژمێر لە بەسەر کردنەوەی ئەنتەرنێت بەسەر دەبەی؟**

-بە رۆژ من لاپتۆپێکم پێیە هەمیشە کراوەیە و بە ئینتەرنێتەوەیە هەرکات بمەوێت دەیکەمەوە و چیم پێویست بێت وەری دەگرم کە دێشمەماڵەوە دیسك تۆپەکەم کراوەیە بەردەوام بە دەم ئیشوکاری خۆمەوە.

*** ئەو ماڵپەرانەی زیاتر بەسەریان دەکەیتەوە چین؟**

ماڵپەری هونەرین بۆ وەرگرتنی نۆتەو زانستە مۆسیقاییەکان لەگەڵ هەندێك ماڵپەری کوردی و عەرەبی و فارسی کە زانیاری پێویستیان لێوە وەردەگرم.

*** رۆژانە چەند کاتژمێر وەرزش ئەنجام دەدەی؟**

- ئێستا کەم چونکە بارودۆخی تەندروستیم رێگەم نادات ئەگەر چی لە ماڵەوە هەندێك پێداویستی وەرزشیم هەیە،بەڵام زۆر حەزم لە رۆشتنە.

***دوایین هەواڵی هونەری تۆ چین لەگەڵ گرووپی کیژانی سلێمانی و ئۆرکێسترای سلێمانی؟**


- لەگەڵ گرووپی کیژاندا بەم زووانە بە تەمای کۆنسێرتێکین لە شاری دهۆك..لە گەڵ هەندێك پرۆژەی تر لە کاتی خۆیدا بڵاوی دەکەینەوە..لە گەڵ ئۆرکێسترای سلێمانیش دوای ئەم مانگە وەرزی تازەمان دەست پێدەکات. هەر وەها بە تەمام کارێکی کۆراڵم هەیە تازەی بکەمەوە بە توانای ئەمڕۆ کە لە شیعری شاعیری گەورەی خوالێخۆشبوو شێخ حەسیب قەرەداغییە...کاتەکەی نزیکەی 25 دەقیقەیە .ئەمەو جگە لە چەندین ئاوازی تازە بۆ گرووپی کیژانی سلێمانی..


1954











# "منداڵی کاراتی" سەرکەوتووترین فیلمی ئەم هەفتەیەیە



فیلمی "The Karate Kid" منداڵی کاراتـــی، نوێترین فیلمی "جاکی چان"ـە، و توانـــی ئـــەم هەفتەیە بـــە 56 ملیۆن دۆلار پێشەنگی پڕداهاتترین فیلم بەدەست بێنێت، ئەو داهاتەش لە تەنیا ســـێ ڕۆژدا کۆکراوەتەوە.

کاتێـــك ناوی جاکی چـــان دەبرێت، ئیتر بینەر جۆرە پێشینەیەکی بۆ دروست دەبێت، کەوا فیلمەکە دەبێ چۆن بێت، چونکە ئەو ناوە ئەســـتێرەیەکی گەورە و درەوشاوەیە لە ئاسمانی هونەری سینەما، ڕەنگە لەجیهاندا ئەو کەسانە دەگمەن بن کە تەنیا فیلمێکی ئەو ئەکتەرە گەورەیەیان نەبینیبێت.

فیلمـــی The Karate Kid بـــاس لە ئافرەتێکی کـــەم دەرامەتی ئەمەریکی دەکات، کە منداڵێکـــی هەیە، مێردەکەی وازی لێهێناوە، پەرێشـــان دەبێت بۆ ئەوەی ئیشـــێك بدۆزێتەوە، ناچار لەبەر نەبوونی رووداکاتە وڵاتی چین بۆ ئەوەی ئیشێکی دەســـکەوێت خۆی منداڵەکەی پێ بەخێو بکات.


کوڕەکـــەی کە تەمەنـــی دوانزە ســـاڵە، زۆر بۆی ســـەخت دەبێـــت ڕاهاتن لەگەڵ کۆمەڵگایەکی وەکـــو وڵاتی چین، بەڵام هەرچۆنێك بێت بەسەر ئاستەنگەکاندا زاڵ دەبێت، بەهۆی ئەو کەمە زانیارییەی لەسەر کاراتی هەیەتی، ناسیاوو خۆشەویست پەیدا دەکات لەگـــەڵ هاوتەمەنەکانیدا، هەربۆیە ناوی لێدەنێن، منداڵی کاراتی، بەڵام لەوێ هەوڵـــی زیاتـــر دەدات و دەبێتە لێهاتوو لە هونـــەرە جەنگییەکان، ئەمـــەش بەهۆی مامۆستایەکی شارەزا "جاکی".فیلمەکە لە دەرهێنانی: "هارلـــد زوارت" و پاڵەوانێتی "جاکی چان" و "جادن سیمس"ـە.












## جاکی چان

جاکی چان، ناوە تەواوەکەی "چانگ کۆنگ ســـانگ"ـە لە 7ی ئەپریلی ساڵی 1954 لە "هۆنگ کۆنگ" لەدایك بووە، و لەساڵی 1962 دەســـتی بەکاری هونەری کردووە، و منداڵێکی هەیە بەناوی "جایســـی چان" کەتەمەنی 28 ساڵە.



# کاسرین خەڵاتی شاژنی بەریتانیای وەرگرت

شاژنی بەریتانیا "ئلیزابێسی دووەم" خەمدالیای "سەرتیپی ئیبراتۆرییەتی بەریتانیا"ی بەخشییە ئەکتەری بەناوبانگی جیهانی "کاسرین زیتا".کاسرینای تەمەن 40ساڵ خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەم خەڵاتە راگەیاند وتی: شانازی دەکەم کەمن هاووڵاتییەکی بەریتانیم و ئەم خەڵاتە لەهەموو ئەو خەڵاتانەی لە ژیانمدا وەرمگرتوون گەورەترە.

جێی باسە ساڵی 2003 لە فیلمی "شیکاگۆ" خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرتووە، کە گەورەترین خەڵاتی سینەماییە لە جیهاندا.

ساڵانە شاژنی بەریتانیا لەرۆژی لەدایکبوونەکەی ئەم خەڵاتە دەداتە ئەو کەسەی لەو ساڵەدا باشترین نموونە بوبێت بۆ وڵاتەکەی لە جیهاندا.



# ئەنجیلینا کرا بە شاژنی میسر

ئەکتەری ناوداری ئەمەریکی "ئەنجێلینا جۆلی" لەدووایین فیلمیدا کە بەم زووانە لە سینەماکان پەخش دەکرێت، رۆڵی "کلیۆپاترا"ی شاژنی میسر دەبینێت، کە چیرۆکەکەی لە پەرتوکی "Queen of the Nile Cleopatra: A Life" وەرگیراوە.

جێی باسە بەرهەمهێنەری فیلمەکە پێیوایە باشترین ئەکتەر کە بتوانێت کەسایەتی ئەو شاژنە مەزنە مێژووییەی میسر ببینێت، ئەنجێلینایە چونکە خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزە لە رۆڵ بینین لەیەك کاتدا دەتوانێت، تووڕەیی و شادی دەربڕێت کە ئەوە سیفەتی پاشاکان بووە.

# لە پاریس هەمووان بوونە پشیلەکانی بەهمەن قوبادی



**رۆژی یەکشەممە 13ی جوون، فیلمی سینەمایی "کەس لە پشیلە ئێرانییەکان خەبەری نییە" لە دەرهێنانی بەهمەن قوبادی، لە بەرنامەیەکی تایبەتدا بە دروشمی "تەنیا بۆ رۆژێك با هەموومان ببینە پشیلەیەکی ئێرانی" لە سینەماتێکی فەرەنسا نمایشکرا. ئەم بەرنامەیە کە بە بەشداری وەزیری رۆشنبیری فەرەنسا و ژمارەیەك لە مامۆستایانی زانکۆ و سینەماکاران لە سینەماتێکی شاری پاریس بەڕێوەچوو، رۆژێك بە ناوی "رۆژێك لە تاران" بێجگە لە فیلمی "کەس لە پشیلە ئێرانییەکان خەبەری نییە" بۆ نمایشی کۆمەڵێك فیلمی دیکەی سینەمای ئێران تەرخانکرابوو.**

**هەروەها کۆڕێك لە سەر "سینەمای ئەمرۆی ئێران" بە بەشداری خاتوو "شیرین عیبادی" هەڵگری خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی لە ساڵی 2003، سیناریۆنووسی ناوداری فەرەنسی و ئەکتەر "ژان کلۆد کارییەر" و بە سەرۆکایەتی "مارك ویچت" بەڕێوەچوو. "سێرج تۆبیانا" بەرپرسی سینەما تێکی پاریس لە رێورەسمی کردنەوەی بەرنامەی "رۆژێك لە تاران"، وتی: "ئەنگێزەی من ئەوەیە کە بڵێین تا چەندە بوونی سینەما ئێران بۆ سینەمای جیهان گرینگ و پێویستە و زۆر بەختەوەرم کە سینەماکارێکی وەك بەهمەن قوبادی بە فیلمی سینەمایی "کەس لە پشیلە ئێرانییەکان خەبەری نییە" و هەروەها دەرهێنەرەکانی دیکەی سینەمای ئێران بەشداریان کردووە."**

**لە بەشێکی دیکەی بەرنامەی "رۆژێك لە تاران"دا وۆرکشۆپێکی فێرکاری بۆ هۆگرانی هونەری ئەنیمەیشێن بەڕێوەچوو، کە تیایدا کۆمەڵێك ئەنیمەیشێنی ئێرانی بۆ ئامادەبووان نمایش کران.**

# دەشنێ موراد :

# تەنیا سێ کەس دژایەتیم دەکەن

**● دەشنێ موراد سەرەتا لە رێگەی بەرنامەی بێ کۆنترۆڵ هاتە ناو دنیای راگەیاندنەوە، دواتر وەك گۆرانیبێژ بە ستایلێکی نوێ و جیاواز دەرکەوت، ئەم هەنگاوەشی بووە هۆی ئەوەی لەلایەن زۆر کەسەوە رەخنەی لێ بگیرێت و هەندێ کەسیش ستایشی کارە هونەریەکانی دەکەن. دەشنێ زۆر بڕوای بەخۆی هەیە و پێیوایە توانیویەتی هەندێ کار بکات کە پێشتر نەکراون، ئەو ئێستا لە لوتکەی بەختەوەری دایە دوای ئەوەی کلیپەکەی لە کەناڵەکانی رۆتاناوە پێشکەش دەکرێت و شانازی بەوە دەکات کە یەکەم کچە کوردە لە کەناڵی بی بی سی و ئێم بی سی راپۆرتی لەسەر ئامادەکراوە، لە نزیکەوە دەشنێمان بینی بۆ ئەوەی لەبارەی چەندین بابەتی گرنگەوە قسەی لەگەڵ بکەین و هەندێ شت باس دەکات کە پێشتر جەماوەرەکەی لێی ئاگادار نەبوونە.●**



***ریکلامێکی باشت بۆ ئەلبوومی یەکەم کرد، بەڵام لەم ئەلبوومە نوێیەت هیچ ریکلامێکت بۆی نەکردووە هۆکارەکەی بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەوەی راستی بێت ریکلامەکان لە هەندێك شوێن پێویست بوو دابەزێت، بەڵام دانەبەزی، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە چەند خەڵکێك هەیە دژایەتی من دەکەن و لە من دەترسن و لە کارەکانم دەترسن، پەنا بەخوا بەم زووانە کارێکی وا دەکەم کە ریکلامەکان بە جوانترین شێوە بڵاو بکرێنەوە.

*** بۆ چی لە تۆ دەترسن؟**

- چونکە حەز ناکەن کچە کوردێك لە کارەکانی سەرکەوتوو بێت، لە نێو کوردەواری سیفەتێك هەیە ئەوەی لە کارەکەی سەرکەوتوو بێت هەوڵ دەدەن بیهێننە خوارەوە بۆ ئەوەی لە کارەکانی دوابکەوێت، تەنیا سێ کەس دژایەتی من دەکەن، بەڵام من ئەم کارەی ئەوان ناکەم، چونکە هەموو کەس دەشنێ موراد دەناسێت دەزانن چ کەسێکە.

*** ئەم سێ کەسە کێن دژایەتی تۆ دەکەن؟**

- ئەم کەسانە شایەنی ئەوە نین ناویان بڵێم، بەڵام خەڵك باش ئەوان دەناسێت.

*** تا چەند راستە گۆرانییەکانی تۆ لە کەناڵی کۆڕەك قەدەغە کراون؟**

- قەدەغە نەکراون و پێوەندیم لەگەڵ کەناڵی کۆڕەك زۆر باشە و چەندین جار داوام لێکراوە کە گۆرانیەکانم لەم کەناڵە دابەزێنم، ئەم ئەلبوومە هەر کۆڕەك میوزیکە ئەم ئەلبوومی منی دابەزاندووە، بەڵام ستافی کەناڵی کۆڕەك دژایەتی من دەکەن و رقیان لە منە و لە من دەترسن بۆیە بڵاوی ناکەنەوە، بەڵام داوای گۆرانیەکانم کراوە کەچی خۆم گۆرانیەکانم نادەم، چونکە دڵم لێیان شکاوە، کاتێك ئەم ستافە لە کەناڵی کۆڕەك رۆیشتن، ئینجا گۆرانیەکان بڵاو دەکەمەوە.

*** زۆر جار باس لە سێکوچکەی دەشنێ و هانی و لۆکە دەکەن، هۆکارەکەی بۆ چ دەگەڕێتەوە؟**

- ئەمە شـــتێکی جوانە، چونکە ئەوە نیشـــان دەدات کە هونەرمەندی کچ دەتوانن بە یەکەوە کار بکەن، ئـــەم دوو هونەرمەندە لای من زۆر خۆشەویستن و کارەکانیان زۆر جوانن و شانازی بەم ناوانە دەکەم.

*** کاتێك کەناڵی کۆرەکت جێهێشـــت، دەشنێ دەرچوونی لـــە کەناڵەکانی تـــر کەمبۆوە، تا رادەیەك بە دەگمەن دەردەچی، هۆکارەکەی بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

- بزر نەبوومە، رۆژانە لە ڤین تیڤی کلیپەکانم دەردەچێت، بە هەمان شێوە لە کەناڵە ناوخۆییەکان کارەکانم هەردەم بڵاودەبێتەوە، تەنیا لە کەناڵی کۆرەك نەبێت.

*** جیاوازی نێوان دەشنێ موراد-ی پێشکەشکار و گۆرانیبێژ چییە؟**

- جیاوازییەکەی ئەوەیە کاتێك دێمە سەر شانۆ وەکو کەســێکم لێدێت کە لە خەو هەڵدەســتێت دەبێتە کەسێکی دیکە، هەموو کەسێك شتێکی لە نێو دڵـی هەیە کە هـەوڵ دەدات بە هەر جۆرێك بێت دەری بخات، ئەم شتە وەکو شتێکی شێتانەیە پڕە لە جوڵانەوە، بەڵام کە پێشکەشکار بووم کەســێك بووم کە خەمی هەموو کەسێکی دەخوارد و حەزم دەکرد هەموو کەسێك باش بێت و حەزم لە پێکەنین بوو.

*** ئەگەر لە پیشـەی پێشکەشکاری بەردەوام بـای، بە بۆچوونی خۆت وەکو پێشکەشـکار جەماوەرت زیاتر دەبوو یاخود وەکو گۆرانیبێژ؟**

- ئەگەر لە کارەکەی خۆم بەردەوام بام ئێســتا جەماوەرێکی یەکجار زۆرم دەبوو، بەڵام ئێستا جەماوەرێکی ترم هەیە ئەویش جەماوەرێکە حەز لە هونەر دەکات و گوێبیســتی گۆرانی دەبن، ئەمەش شانازییە بۆ من.

*** لە یانە شـەوانەکان هەندێك لە گۆرانیبێژە بیانییەکان گۆرانی دەڵێن، ئێوە ناترسـێن وەکو ئەم گۆرانیبێژانە سەیرتان بکەن؟**

- نەخێر، ناترسێم، چونکە لەمجۆرە گۆرانیبێژانە نیمـــە، تا ئێســتا تەنیا یەکجـار گۆرانیم لە ریســتۆرانت وتووە، ئەویش لە رۆژی ڤالانتاین بووە، بەهیچ شـێوەیەك ئامادە نیمە لەمجۆرە ریستۆرانتانە گۆرانی بڵێم.

*** ئامادەی لە ئاهەنگە تایبەتییەکان گۆرانی بڵێیت؟**

- بەڵـێ، ئامادەم ئەگەر ئەو کەسـانەی کە ئامادەی ئەم ئاهەنگە دەبن کەســی شیاو بن و رێز لە هونەرەکەم بگرن و پارەیەکی باشم بدەنێ بەڕای من شتێکی زۆر جوانە.

*** زۆربەی هونەرمەندەکان کاتێك دەگەڕێنەوە هەندەران دەڵێن پەشیمانین چووینە کوردستان، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەمە بۆ بۆچوونی ئەو کەسە دەگەڕێتەوە، من هیچ پەشیمان نیم کە گەڕاومەتەوە کوردستان هەرچەندە لێرە ژیانم زۆر ســەختە، بەڵام بڕوام بە خۆم هەیە کە یەکێك بم لەم کەسـانەی کە کوردستان ئاوەدان بکەمەوە، ئەمەش بە ئەرکی خۆم دەزانم.

*** بۆچی گۆرانی دویت دووبارە ناکەیتەوە؟**

- کارێکم لەگەڵ میرە ئەنجام داوە و کارێکی تــرم لەگەڵ لۆکە ئەنجام داوە، بەم زووانە بڵاو دەبێتەوە.

*** ئەم جۆرە کلیپانە بۆ شکاندنی ئەو دابونەریتە کۆمەڵاتییانـــە بـــوو کە ئافـــرەت نەیدەتوانی ئەمجۆرە شتانە بکات؟**

- نەخێر، بیرم لەم جۆرە شتانە نەکردۆتەوە، ناتوانم لەسەر هەموو دابوونەریتێکی کۆمەڵایەتی ئەم تۆقە بشکێنم.

*** ئایا ئامادەی دووبـاره بگەڕێیتەوە بواری پێشکەشکاری؟**

- لە بەرنامـــەم دایە پرۆگرامی بێ کۆنترۆڵ پێشکەش بکەم لە ساڵی داهاتوو، بەڵام ناتوانم ناوی کەناڵەکە ئاشـکرا بکەم و پرۆگرامێکی ترم بە ناوی (دەشنێ شۆ) ئامادەیە کە ماوەی ساڵێکە خەریکی نووسینی ئەم بەرنامەیـــەم بەمزووانە لـــە یەکێك لـــە کەناڵەکان پێشـــکەش دەکرێت، ئەم بەرنامەیـــە تا رادەیەك سانسۆری لەسەرە واتە دەبێــت رێز لە هەموو لایەنێك بگیرێت، حەز دەکەم کاتێك لە یەکێك لە کەناڵەکان کار بکەم ئەم کەناڵـــە گوێ لە مەرجەکانی من بگرێت و رێزی لێبگرێت.

*** ئـــەم ڤیدیۆ کلیپانە زیاتر بۆ کێ پێشکەش دەکەیت؟**

- گشت ڤیدیۆ کلیپەکانم بۆ گەنجان و منداڵانە، لەم ئەلبوومە نوێیەم دوو گۆرانیم بۆ خێزان ئامادە کردووە.

*** هیچ شـــتێکی چاوەڕواننەکـراو هەیە لەم ماوەیەدا؟**

- بەڵێ، ئامـــادەی کلیپکردنی گۆرانیەکم بە جلـــی کوردی ئەمەش شـــتێکی تازەیە خەڵك چاوەڕوانی ئەم شتە لە من ناکات و گۆرانیەکی تایبەت بە کوردستانم ئامادە کردووە و دەیکەمە ڤیدیۆ کلیپ، پەیامی ئەم گۆرانیە ئەوەیە کە هەمـــوو کوردێك خەون بەوە دەبینێت رۆژێك لە رۆژان ببینە وڵاتێکی سەربەخۆ.

*** دوا پەیامت چییە؟**

- پەیامم بـــۆ جەماوەرکم ئەوەیە کە گوێ لەم قســـانە مەگرن کە باســـی من دەکەن، ئەمە هەمووی قسەی هەڵبستراوە و گشت کارەکانم بە پاکی ئەنجامم داوە و لە ژیانم جەســـتەی خۆم نەفرۆشـــتووە و هـــەردەم باوکم پێم دەڵێت کچم ئەگەر لە نێو 10 پیاو بێت، متمانەیەکی تەواوم پێـــت هەیە و لە پیاوەکان پیاوتر دەبێت، حـــەز دەکەم وەکو کچێکی کورد ببمە هۆکاری بەناوبانگکردنی کوردســـتان، لـــە کەناڵی بی بی ســـی وشەیەکم گوت ئەویش ئەوە بوو: من کوردم دەمەوێ کوردستان بکەمە جیهانی.

ئەم وشـــەیە پێنج جار لە بی بی سی دووبارە بـــۆوە و کاردانەوەیەکـــی گـــەورەی هەبووە و کلیپێکی من لـــە کەناڵی رۆتانا بڵاوە کرایەوە و چاوپێکەوتنێکم لەگـــەڵ کرا لە پرۆگرامی (صدى الملاعب) لـــە کەناڵی MBC ئەمە هەمـــوو دەبێتە مێژوو بۆ من وەکو یەکەم کچە کورد.



بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504494920
huneri@gulan-media.com